# میسر سەرکۆنەی هێرشەکەی ئیسرائیل بە سەر نەخشخانەی مەعمەدانی لە غەززە کرد

میسر لە بیانناممەیەکدا کە شەوی ڕۆژی سەشەممە بڵاویکردەوە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ڕایگەیاند، "بە توندترین شێوە سەرکۆنەی هێرشەکەی ئیسرائیل بە سەر نەخشخانەی "ئەهلی مەعمەدانی" لە کەرتی غەززە دەکەین کە بووە هۆی کوژرانی سەدان هاوڵاتی فەلەستینی لە غەززە.

میسر ئێم بەردوامانەی بە سەر دامەزراوە مەدەنییەکان بە پشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی و مرۆیی و بەها بنەڕەتییەکانی مرۆڤایەتی دادەنێت و داوای لە ئیسرائیل کرد بەزووترین کات سیاسەتی سزادانی بە کەمەڵە لە دژی خەڵکی کەرتی غەززە ڕابگرێت،هێروەها وەزارەتی دەرەوەی میسر داوای لە هەموو وڵاتانی جیهان کرد بە تایبەتی وڵاتانی گەورە و کاریگەر دەستوەردان بکەن بە ڕاگرتنی ئەو پشێلکارییانە و بە ڕوونی ئیدانەیان بکەن و داوا لە ئیسرائیل بکەن کە دەروازەی ڕەفەح-ی نێوان میسر و کەرتی غەززە بە ئامانج نەگرێت بە ئەوەی میسر و وڵاتانی دیکە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هاوکاری مرۆیی بگەیەنە کەرتی غەززە بە زووترین کات.